مالیکی بۆ نێردەی ترەمپ: سەروەری عێراق و بژاردەکانی گەلەکەی هێڵی سوورە



نووری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، لە کاتی دیدارەکەیدا لەگەڵ تۆم باراک، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا، ئەمڕۆ هەینی جەختی لەسەر پێویستیی ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق و بژاردەکانی گەلەکەی کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەڵەع کەوتووە، ئاماژەی بەوە کردووە: نووری مالیکی پێشوازی لە تۆم باراک، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا کرد، کە تێیدا پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و شایستە نیشتمانییەکانی داهاتوو تاوتوێ کران

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، مالیکی جەختی کردەوە لەسەر گرنگیی پاڵپشتیکردنی ڕێڕەوی دیموکراسی و بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسی، هەروەها جەختی لەسەر پێویستیی ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق و بژاردەکانی گەلەکەی کردەوە و ئاماژەی بە بەردەوامبوونی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان هەردوولا لەو دۆسیانەی جێگەی بایەخی هاوبەشن کرد.

لای خ□ی□و□، باراک ئاماژ□ی ب□ گرنگی ئ□و □□□□ کرد ک□ ع□راق د□یگ□□□ت ل□ □□□□وی چار□س□رکردنی

ک□ش□کانی ناوچ□ک□، ک□مکردن□و□ی ئاستی ململان□کان، پا□پشتیکردنی دیال□گ و ب□ر□نگاربوون□و□ی تیر□ر